# لەوێ مەمرە.. جانی جانان!.

## شێرکۆ بێکەس

لەوێ مەمرە!
نە "با"ی ئەوێ تۆ ئەناسێو
نە مەلێکیو
نە ئاوی ئەوێش ئەزانێ
تۆ لە کام بەفری شاخانی!
لەوێ مەمرە
جانی جانان!
کێ نایزانێ!
گڵی ئەوێ عەشق بڕەو مەیل بڕەو
هەر بیرچوونەوەی تیا ئەڕوێ!.
کێ نایزانێ!.
تۆ تەنیاییت
بە شێوە بێ یان بە ڕەگو
یان بە گەڵاو یان بە لاسك
هەر لە درەختی شەوانی
ئێرە ئەچێ..
تۆ تەنیاییت
لە پاییزە هەژارەکەی سلەیمانیو
تۆ تەنیاییت هەر لە تەنیایی خوای ئێرەو
لە کۆترە شینکەی کەسیرەی
بەر پرووشەی ئێوارانو

له ئەرخەوانی بێ خەوی
سەیوان ئەچێ!.

لەوێ مەمرەو
نە غەریبی غەریبترو
نە تەنیایی تەنیاترو
نە بێکەسیم
بێکەسترکە!.
لەوێ مەمرە
جانی جانان!

★

"پاییز بە خشەخشی کراسی خەزانەوە،
کەمەرە شل، قژ بە شیعرو مل بە ئاونگ،
ئەگەیشتە ناو گەڕەکی برژانگو پێڵو خۆڵاوی.
هەوا وێڵو هەوری نزم بێ ئارامو، بە نمەنمەی
درشتیش، حەرفەکانی ئەوەندەی سەری چۆلەکە:
باران لەسەر دەفتەری خۆڵ، بە تەپو
نم، لاواندنەوەی بۆ وەرینی دەستو
پەنجەو بۆ کۆتایی بەستەکانی خاك ئەنووسی!.

هەر وەکوو تۆ، لەوپەڕی ئاسۆی شارەوە،
عەینە مەلێکی بێوەژن، بە سەرپۆشی کزەباوە،
تەنیاو بێ جووت، باڵی لەناو ڕەنگی شەرابیی
ڕژاودا، ئەکردەوە. دەنووکی ئەدا لە

تەمو دائەگەڕاو بێچووەکانی بە جووکەجوکێکی
لاواز، ئەهاتنە پێشی هێلانەو، ئەویش
ڕەشپۆش، ئەنیشتەوە.
پاییز بە دەم هەنیسکەکانی کزەباو دڵۆپی
ساردەوە ئەهات. قژ زەرکەفتیو ڕوومەتی سوور،
خاتوونێ بوو لە دارژاڵەو جوانەژنێ بوو
لە ڕووبار. تۆیش هەروەهاو، ئیتر هەردوو
لە نابینایی شەوێکی هەڵلەرزیودا، تێکەڵ بە یەکتری
ئەبوون. ئەو دەسماڵێکی ئەدا بە شانتا لەو
تەمتوومانەی چنیبووی. تۆیش مشتێکت
لە ناکامی خۆت ئەدایە.
پاییز بە دەم سەمایەکی باڕێزەوە، لەش نیوە
ڕووت. ئەگەیشتە حەوشەکەمان. مەراقی
تۆیش هەر لەوێدا گەرماوگەرم وەك ئاخو
داخی ئامادەت باوەشی تینووی پیائەکرد.
گێژەڵووکەی پچووك پچووك،
لە وێنەی بێچووەکانی تۆ،
لە سیلەی کۆڵانی تەنگو کەلاوەدا
پەیدا ئەبوون. پووشو پەڵاشی دەروونتو
پەلکەگیای ناسۆری وشکی هەژارانی
ناو گەڕەکیان. قوڵ قوڵ ئەبرد بە ئاسماندا.
هەریەك شت بوون: تەنیاییتان
هەریەك شت بوون: برسێتیتان.
لە پڕێکدا وەکوو خورپە، وەك لێدانی لە

ناکاوێ، دەرگای حەوشە. بوولێڵ ئەهات
وەك دەست بدەیتە دڵی خۆت
یان گەردنت، یان خەمێکی زۆر ناسکت،
بە ئەسپایی چرای دیوارکۆی تاقانەی
ژووری چوارگۆشەی بێزارت، دائەگرتو
بە هەناسە گەرمەکانت، بە پارچەیەك
لە کراسی کۆنی پاییز. بلوورەکەت
جوان جوانو گەنج ئەکردەوە.
بوولێڵ لە شاخەکانەوە
بە قەڵەمبازێ ئەهاتە ناوماڵەوەو
لەگەڵ خۆیدا حیکایەتی
ناو خەونەکانی زەمانو
پاشای سەر تەختی مرواریو
گەشتەکانی "گوڕنە تەڵە"ی توونی باباو
بازی هەڵدراوی بەختی بۆ ئەهێنایت.
تۆیش ئەتخستنە باپێچێکی ئازارتەوەو
لەناو دەنگتا گرێت ئەدان. دوای شێوکردنی ئێوارەی
نیوە تێرو هەڵگرتنەوەی قەراغی نان.
کە ئاگر بانگی ئەکردین، ئەوسا ئیتر تۆ پریاسکەی
حیکایەتت لە بەردەمی بێچووەکانتا ئەکردەوە.."

★

لێرە نیتو بەڵام هێشتا
لەسەر زاری پەڕەسێلکەی ئێوارانیو
لە نەغمەی ڕەشو سپیدا

**دوو باڵی تەڕی گریانیو**

**لەسەر پاییزو**

**لەسەر من**

**لەنگەر ئەگری!**

**لێرە نیتو کەچی ئێستەیش**

**شۆڕەبیەکان یەکە یەکە**

**بەسەر جۆگەی یادگارتا نوشتاونەوەو**

**چاوەڕوانن لەگەڵ شەپۆلێکی وێڵدا**

**تۆیش بێیتەوە!**

★

**سوێبوونەوەی ئەم پاییزە**

**لەبەر باڵندە دوورەکەی ڕۆحی تۆیە!.**

**ئاخر بەیانییەك نییە، بەردێ، دارێ**

**یان پەنجەرەو دەرگای ماڵێ، کزەبایەك،**

**پەپوولەیەکی پاییزە، ڕیشۆڵەیەکی ئاوارە،**

**لە سۆراخی غەریبیتا نەبنە پرسیار!.**

**هەموویان ناسیاوی قژتو**

**هاودەمی کراسی ڕەشتو دەستەخوشکی خەمانت بوون:**

**پلەپلەی پەیژەکەمان، سەرکەوتنتو دابەزینتو،**

**قاچو قوولی بچووکی تۆی هەر لە یادە!.**

**چیغی سەربان، ئەمێستاکە زۆر پیر بووە،**

**بەڵام هێشتا لە مانگە شەوی خەیاڵیا تۆی لە یادە.**

**وردە زەنگیانەی سەر دەسماڵ. نیگاری سەر جاجمەکە.**

یاڵی ئەسپی سەر بەڕەکەو تاوسەکە، هەموو جارێ،
لە هەڵفڕینی حەسرەتا، ئەچنەوە دنیای ئەوکاتە.
مێخەك بەندە شەرمنەکە
لەسەر دیواری بەرامبەر
ڕۆژی سەد جار، بۆنی خۆیو
بۆنی جەستەت
تێکەڵ بە هەناسەم ئەکا!

★

شۆڕەبیەکی پیرێژن، سەری خستبووە ناو کۆشی
ڕووبارەوەو، ئاو بە پیرێژنی ئەوت:
"ئەو وەختەی ئەوەڵی تاریکیی
بە کاوەخۆ ئەگاتە ناو جەستەو
ڕووناکیی کۆماوە لە چاودا دەس ئەگرێ
بە کزیی عومرەوە، شەوقی لەش ئەداتە بنسکیو
سەرەتای دووکەڵێ، لە شێوەی ئاواتی پەرت پەرتا
لە هەناو هەڵئەسێ. ئەو دەمەی ئەزانی
کە ئیتر ئاسکەکەی پێدەشتت ناتوانێ بازبداو
ئەسپەکەت شەکەتەو ناتوانێ بە بەرزیی دواڕۆژدا
هەلگەڕێ. تۆ ئیتر پەناتو سایەتو دیرۆکت
هەر هەمووی ئەبێتە ڕابوردوو: بە گاگۆڵکێ
وەکوو منداڵ ئەچیتەوە ماڵە کۆنەکانی خەونو
وەکوو شنەیەکی هێواش ئەچیتەوە لای سەرچاوەو
ئەچیتەوە لای دوورترین تروسکاییو لە تاقێکدا
تاقو تەنیا، ئەسوتێیتو، بۆ خۆت ئەبی

به مۆمێکی بەردەم پەیکەری یادگار!"

★

لەوێ مەمرە

تۆ خاكو خۆڵی كۆڤانی ئەم دەشتانەی.

تۆ زوخاو كردیتی بە قوڕ

دەستی مەرگەسات شێلاوتی!

لە زریکەی بەردەکاندا من قیژەی تۆ ئەناسمەوە.

لە داچلەکینی گژوگیاو لەناو ترسی دارەکاندا

من بنچكو ڕەگەکانت وەك دەمارو بەری

دەستی شیعرەکانم، ئەناسمەوە.

لەهەر بارانو بەفرێکدا. من هەمیشە

دلۆپەکانی تەماشاو کلووی دەنگت ئەناسمەوە.

لە گەڕەکی برسێتیداو لە ماڵە قوڕی هەژاردا

من بەردەوام سەرابەکانی خۆزگەتو

هەڵمی گۆرانیو گەواڵەی ئاخو داخت

چوون چاوانو بەژنو باڵات ئەناسمەوە.

نەیکەی بەڕاست!

لەوێ مەمرە

جانی جانان

لەوێ

مەمرە!

سلەیمانی

پاییزی 2007